بنەماڵەی ڕەسوولی،
فەرمانڕەوایانی یەمەن (١٢٢٩-١٤٥٨)،
کورد بوون

دکتۆر زرار سدیق تۆفیق*

ڕەسوولییەکان یەکێک بوون لەو بنەماڵە کوردانەی وا لە خزمەت شاهەکانی ئەییووبیدا بوون و نەخش و جێپەنجەی ڕەسوولی هەولێری و ڕۆڵەکانی لە مێژووی ئەییووبییەی یەمەن (أیوبیة الیمن)دا ڕوون و کاریگەرە. ئەوەبوو پاش ئەوەی مەلیک مەسعوود 'الملک المسعود' یووسفی ئەییووبی لە یەمەن کشایەوە و گەڕایەوە میسر، ساڵی ٦٢٦ک/١٢٢٩ز مرد. کوڕانی ڕەسووڵ جاڕی سەربەخۆیی خۆیان دا و دەوڵەتی ڕەسووڵییان ڕاگەیاند. دواتر، پاش چەند ساڵێکی کەم، لە لایەن خەلیفەی عەباسییەوە ددان بە شەرعیەتی دەسەڵاتیاندا نرا و ماوەی دووسەدە و چارەکە سەدەیەک (٦٢٦-٨٥٤ک/١٢٢٩-١٤٥٨ز) وڵاتی یەمەنیان بەڕێوەبرد.

ئەم سەردەمەی مێژووی یەمەن کە بە سەردەمی ڕەسووڵی دەناسرێ، بە دیتن و بۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایانی مێژووی یەمەن، لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی و زانستی و ڕۆشنبیری و شارستانێتییەوە، پێشکەوتووترین و گەشاوەترین قۆناغەکانی مێژووی سەردەمی ئیسلامی و سەدەکانی ناوەڕاستی یەمەنە.[١]

مخابن ئەم بنەماڵە ڕەسەنەی کورد، هاوشێوەی دەیان بنەماڵەی حوکمڕان و دەسەڵاتدار و بنەماڵەی ئایینی و ڕۆشنبیریی دیکەی کورد، دوای ئەوەی پایەدار بوون و حوکمی وڵاتی یەمەنیان گرتووەتە دەست، لە نەژادی خۆیان دابڕێنراون و نکوولی لە کوردبوونیان کراوە و بە عەرەب یا بە تورک - تورکمان دانراون. دیارە شاهەکانی ڕەسووڵی خۆیشیان، نەخاسمە دوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئەییووبی، ڕۆڵیان لەم نکووڵیکردن و خۆگرێدانەدا بە عەرەبی قەحتانیی یەمەنییەوە، نەک هەر کەم نەبووە، بەڵکوو شاهـ عومەری کوڕی یوسفی ڕەسووڵی (الملک الأشرف) (٦٧٨-٦٩٦ک/١٢٧٩-١٢٩٧ز)، یەکەم کەسە کوردبوونی ڕەچەڵەکی ڕەسووڵیی ڕەتکردووەتەوە و زنجیرەیەک باب و باپیرانی وەهمیی بۆ خۆیان ڕیزکردووە و گەڕاندوونیەتەوە سەر جەبلەی کوڕی ئەیهەمی غەسانی لە عەرەبی قەحتانیی دانیشتووی کۆنی یەمەن.[٢] بێگومان دەیان مێژوونوسی دیش هەر لەمەوە ئەم ئیدیعایەیان وەرگرتووە و لێڕاوانە کاریان بۆ بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی کردووە و تا هەنووکەش بەردەوامن.[٣]

تەنانەت شاهـ ئیسماعیلی کوڕی عەباسی ڕەسووڵی (٧٧٨-٨٠٣ک/١٣٧٦-١٤٠٠ز) کە -بە چەشنی شاهە ڕەسولییەکانی دی- نووسەر و مێژوونوس بووە و دانەری کتێبی "العسجد المسبوک"ە، خۆی بە مەلیک ئەشرەفی غەسانی (الملک الأشرف الغساني) ناساندووە.

ئەمە لە کاتێکدا لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕەسووڵییەکاندا و بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەسووڵی، سەرچاوەکان لە ئەندامان و شاهانی ئەم بنەماڵەیە دەدوێن و هەرگیز ناڵێن عەرەبن و نایانگەڕێننەوە بۆ سەر جیبیلەی کوڕی ئەیهەم.[٤]

خۆگرێدانی ڕەسووڵییەکان بە عەرەبی غەسانی و قەحتانییەوە، هیچ بەڵگە و ئاماژەیەک پشتڕاستی ناکاتەوە و بە ڕوونی ساختەکاری و هەڵبەستنی پێوە دیارە و بێ ماندووبوون هەڵدەوەشێندرێتەوە. ڕوونە کە تەنها هەوڵدانێک بووە لە لایەن شاهەکانی ڕەسووڵییەوە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتیان و سەلماندنی مۆرکی یەمەنیبوونیان، بەوەی کە نەوە و میراتگری شەرعیی شاهە دێرین و ڕەسەنەکانی یەمەنن.[٥]

لەسەر ئەم ئیدیعا بێبنەمایە و ئەو شەجەرە ساختەیەی کە بۆ بنەماڵەی ڕەسووڵی پێکەوەنراوە،

---

* مامۆستای بەشی مێژوو/ زانکۆی دهۆک.

[١] محمد بن یحیی الفیفي، الدولة الرسولیة في الیمن، الدار العربیة للموسوعات (بیروت: ٢٠٠٥)، ص٥؛ یوسف عبدالعزیز الحمیدي، الملک الأفضل الرسولي (٧٦٤-٧٧٨ه/١٣٦٣-١٣٧٦م)، جهوده السیاسیة والعلمیة، أطروحة دکتوراه، جامعة أم القری السعودیة (مکة المکرمة: ٢٠٠٨)، ص١٩-٢١.

[٢] طرفة الأصحاب في معرفة الأنساب، دار صادر (بیروت: ١٩٩٢)، ص٨٩.

[٣] دەربارەی ئەو مێژوونووسانەی کە ڕەسووڵییەکان بە عەرەب دادەنێن، بە تایبەتی عەرەبی غەسانی، واتا بەنووغەسان، بڕوانە: الفیفي، الدولة الرسولیة، ص٣٠، یوسف عبدالعزیز الحمیدي، الملک الأفضل الرسولي، ص٦٩-٧٢.

[٤] ابن نظیف الحموي، التاریخ المنصوري، ص١٤٣، ١٧٠؛ ابن حاتم الیامي، السمط الغالي الثمن، ص١٠-١١.

[٥] الفیفي، الدولة الرسولیة، ص٣١.

خەزرەجی (الخررجي) (م:٨١٢ک/١٤٠٩ز) بە نەوەی جیبیلە کوڕی ئەیهەم (جبلە بن الأیهم)ی هاودەمی پێغەمبەری داناون و لەوێوەش دەیانگەڕێنێتەوە بۆ سەبەء کوڕی یەشجوب کوڕی یەعروب کوڕی قەحتان 'سبأ بن یشجب بن یعرب بن قحطان'.[٦]

لەمەش ترسناکتر، بەوەندەوە نەوەستاوە و شاعیرێکی وەهمیی بە ناوی حارس ڕائیش 'الحارث الرائش'ەوە داهێناوە، گوایە یەکێکە لە باو باپیرانی ڕەسووڵییەکان و شەش‌سەد ساڵ پێش دەرکەوتنی پێغەمبەر ژیاوە و کەسێکی پێشبینیکەر بووە، بۆیە بە 'الرائش' ناسراوە و لە شیعرێکدا پێشبینیی کردووە کە ڕەسووڵییەکان دەسەڵاتی یەمەن دەگرنە دەست و دەقی شیعرەکەشیی تۆمارکردووە.[٧]

جەبلەی کوڕی ئەیهەم، دوا شاهی غەساسینەکان (الغساسنة) بوو، پاش دەرکەوتنی ئیسلام ڕووی‌کردە شام و پەیوەندیی کرد بە سوپای بیزەنتییەوە و لە شەڕەکانی دۆمەی جەندەل (دومة الجندل) و یەرموک و بەرپەرچدانەوەی هێرشی موسوڵمانەکان‌دا، هاوکاریی لەشکری بیزەنتیی کرد و پاشان بووە موسوڵمان. کەچی دوای ماوەیەکی کەم، بە هۆی کێشەیەکەوە، لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و گەڕایەوە شام و چووە قوستەنتینییەی پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی و خۆی گەیاندە ئیمپراتۆری ڕۆمی بیزەنتی، تا ساڵی ٢٠ک/٦٢١ز مرد.[٨]

هاوکات دەیان مێژوونووسی سەردەمانی ڕەسووڵی و مەملووکی و توێژەرەوەی هاوچەرخ، ڕەسووڵییەکان بە تورکمان دادەنێن و ناسناوی تورکمانی دەخەنە پاڵ شاهە ڕەسووڵییەکان.[٩]

بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی تورکمان‌بوونی بنەماڵەی ڕەسووڵی و پەیوەستکردنیان بە نەوەکانی جەبلەی غەسانییەوە، کە شەش سەدەیان لە نێوانە و هیچ شت و بۆنەیەک کۆیان‌ناکاتەوە، هەواڵزانان سیناریۆییێکی سەیریان هێناوەتەوە و ئەو ماوە درێژەیان پێ پڕکردووەتەوە و پینەوپەڕۆی پرسەکەیان پێ کردووە. گوایە پاش مردنی جەبلە، هۆز و کوڕ و نەوەکانی ڕوویان‌کردووەتە وڵاتی تورکمان و تێکەڵی هۆزی منجک - بجکی تورکمانی بوون و زمانی عەرەبییان لە بیر کردووە و فێری تورکمانی بوون و لەسەری ڕاهاتوون، تا لەناو خەڵکدا لەیادکراون و دەنگوباسیان نەماوە. کاتێک بە یاوەریی تورکمان هاتنەوە عیراق، ئەوانەی کە دەیاناسین، دەیانگەڕاندنەوە بۆ جیبیلە و عەرەبی غەسانی، ئەوانەی کە نەیان‌دەناسین، دەیانگوت تورکمانن.[١٠]

ئەوە زانیمان چۆن بە درۆ و چەواشە و بە چ پاساوێک ڕەسووڵییەکان کراون بە عەرەبی قەحتانی، پرسیار لێرە ئەوەیە: ئەی بۆچی کراون بە تورکمان؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەڵێین: ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەیوبییەکان کە هیچ گومانێک لە کوردبوونیان نییە، دەمێک بوو لە ساڵی ٥٦٧ک/١١٧١ز بەدواوە میسریان گرت و خیلافەی شیعیی فاتمییان لەناوبرد و دەوڵەتی ئەیووبییان دامەزراند. لە هەندێک سەرچاوەی میسری‌دا، بە غەزز یا غوز 'الغز' -واتا تورکمان- ناودەبرێن، بەڵکوو زۆر جار کوردەکانی میسریش هەر بە 'الغز' دادەنرێن.

لە ڕاستیدا بە دروستی نازانرێ ئەم تێکەڵکردنەی نێوان کورد و(الغز) و ناوبردنی کورد بە 'الغز'، چۆن هاتووەتە ئاراوە و پاساوی چی بووە؟ ڕەنگە لەوەوە هاتبێ کە ژمارەیەکی زۆری تورکمان لە سوپای ئەیووبی‌دا هەبوون، بە غوز دەناسران و پێشتریش نەجمەدین ئەیووب و ئەسەدەدین شێرکۆ و سوڵتان سەڵاحەدین خۆیشی لە خزمەتی دەوڵەتی زەنگیی تورکی‌دا بوون، کە هۆز و بنەماڵە تورکمانەکان پێکهاتەی سەرەکیی سوپای زەنگییان پێکدەهێنا. لەوانەیە لەم ڕوانگەیەوە ئەیووبییەکانیش بە غوز دانرابن.

ئیبن‌عەمارە یەمەنی (ابن عمارة اليمني) (م:٥٦٩ک/١١٧٣ز) پێشەنگی ئەو مێژوونووسانەیە کە جیاوازی لە نێوان کورد و غوزدا ناکا و میرێکی کوردی بەهرام ناو بە 'بهرام الغوزي' ناودەبا.[١١] لەمەش سەیرتر، ئەبولحەسەن عەلیی مەراکشی، بە کوردی و غوزی دەناسرا.[١٢]

هەروەها گەڕۆک ئیبن جوبەیر (م:٦١٤ک/١٢١٧ز)، کە لە سەردەمی ئەیووبی‌دا سەری لە میسر داوە، ئەیووبییەکان و کوردانی میسر بە 'الغوز' ناودەبا،[١٣] لە شوێنێکدا لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە مەبەستی لە 'الغوز' هەر کوردە ئەیووبیەکانە و دەڵێ: "استيلاء الغوز على

---

[٦] العقود اللؤلؤية في تاريخ الدولة الرسولية، ١/٣٦-٣٧ .

[٧] العقود اللؤلؤية، ١/١٨-١٩.

[٨] بڕوانە: الزركلي، الأعلام، ٢/١١١.

[٩] بڕوانە: يوسف عبدالعزيز الحميدي،الملك الأفضل الرسولي جهوده السياسية والعلمية، ص٧٣-٧٤.

[١٠] العقود اللؤلؤية، ١/٣٧.

[١١] النكت العصرية في أخبار الوزارة المصرية، مطبعة مرسو (شالوف: ١٩٨٧)، ص٥٥ ،٥٨.

[١٢] "يعرف بالكردي والغزي"، ابن الشعار، قلائد الجمان، ٣/٢٧٥.

[١٣] رحلة ابن جبير، دار بيروت للطباعة والنشر، ص٤٨، ٥٦.

الدولة العبيدية وتحكمهم ديار مصر وسائر البلاد"[١٤]. دیاره لێرەدا مەبەستی گرتنی میسر و لەناوبردنی دەوڵەتی فاتمی - عوبەیدییە لە لایەن کوردە ئەییووبییەکانەوە. هەر لە میسر نوەیری (م:٧٣٣ک/ ١٣٣٣ز) 'الغزية – الغرية'ی بە هۆزێکی کورد داناوە.[١٥]

ناوبردنی کورد بە 'الغوز' لە میسرەوە گواسترایەوە بۆ یەمەن و لە چەند دەق و سەرچاوەیەکی ئەوێشدا کورد بە 'الغوز' ناوبراوە. دوور نییە ئەم هەڵەیە لە ڕێگای نووسینەکانی ئیبن عەمارە 'ابن عمارە'ەوە کە بەخۆی یەمەنی بوو، گوازرابێتەوە. تەنانەت ئەم تێکەڵکردنە لەوێ پتر تەشەنەی کرد و بە یەکجاری چەسپا. ئەوەتا میر ئیبنحاتەمی یامی (ابن حاتم اليامي) (م:٧٠٢ک/١٣٠٢ز) کە لە سەرەتای سەردەمی ڕەسووڵیدا ژیاوە، ئەییووبییەکان و ڕەسووڵییەکانی بە 'الغوز' ناوبردووە و کتێبێکی داناوە دەربارەی حوکمی ئەو دوو بنەماڵەیە لە یەمەن و هەر لە ناونیشانی کتێبەکەیدا ئەمەی سەلماندووە: "السمط الغالي الثمن في أخبار الملوك من الغز باليمن".[١٦] مێژوونوسێکی دیکەی یەمەنی و هاودەمی ئیبنحاتەمی یامی، لەژێر ناوونیشانی "ذكر دخول الغز الى اليمن"دا باسی چوونی سوپای ئەییووبیی بۆ یەمەن کردووە.[١٧]

دیارە ئەم تێکەڵکردنە و دانانی کوردە ئەییووبییەکان و ڕەسووڵییەکان بە غوز، بە هۆی بەحاڵیبوون و تێنەگەیشتنی مێژوونوسانەوە بووە، نەک بە ئەنقەست و بە مەبەست. غوز - وەک باسکرا- هۆزێکی تورکمانن، بۆیە لای مێژوونووسان ئەم ئاڵۆزییە پەیدابووە و ڕەسووڵییەکان بە غوز- تورکمان هەژمارکراون.

جگە لەمە، ئەگەر بڕوانینە ناوی باب و باپیرانی ڕەسووڵییەکان، دەبینن هەموو یا زۆربەیان ناوی عەرەبی و ئیسلامی و نزیکن لە ناوی میرانی کوردی ئەو دەمە. کەچی ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە ناوی زۆربەی هەرەزۆری میر و سەرکردە و چەکدارە تورکەکانی سەردەمی ئەتابەگی و ئەییووبی و مەملووکی، هەموو تورکین و بە دەگمەن ناوی عەرەبی و ئیسلامییان بەکارهێناوە.

- بنەماڵەی ڕەسووڵی، کوردی وڵاتی هەولێرن

ڕەسووڵ، واتا پەیامبەر، ناسناوی باپیرە گەورەی ڕەسووڵییەکانە، بە خۆی ناوی هاروون یا محەممەدی کوڕی هاروونی کوڕی ئەبولفەتح نووحی[١٨] کوڕی ڕۆستەمە و یەکێک بووە لە میرە کوردەکانی سوپای ئەییووبی. ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز 'ستانلی لین پوول' (١٨٥٤-١٩٣١) دەڵێ: باپیری هەرەگەورەی ڕەسووڵییەکان، ناوی ڕۆستەمە و پاش ئەو ناوی چ باپیرێکیان نازانرێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە نەژاد ئێرانین.[١٩]

سوڵتان سەڵاحەدین، ساڵی ٥٦ک/١١٧٣ز، میر شەمسوددەوله تۆرانشای برای هەرەگەورەیی بە هێزێکی پڕچەکەوە، کە زۆربەیان هەر فەرمانده و جەنگاوەرە کوردەکان بوون ، ڕەوانەی وڵاتی یەمەن کرد. بە ئاخفتنێکی دی، سوپای ئەییووبی لە یەمەن پتر لە پێکهاتەی کوردی پێکهاتووە.[٢٠]

تۆرانشای کوڕی ئەییووب لە سروشت و کەشوهەوای خۆش و سازگاری شام ڕاهاتبوو و ئارەزووی خواردن و میوەی خۆش و جۆربەجۆری دیمەشقی دەکرد، دڵی بە وڵاتی گەرم و وشکوبرینگی یەمەن نەدەکرایەوە و بێزاری و نیگەرانیی خۆی بە نامەیەک بۆ سوڵتان سەڵاحەدین نارد، ئەویش نامەبەر- ڕەسووڵێکی نارد بۆ یەمەن، بۆ لای شەمسوددەوله تا لێپرسینەوە لە بێزاریی بکا.[٢١]

ئیبنخەلەکان ئەم پەیامبەرەی بە ڕەسووڵ ناوبردووە، دوور نییە هەمان ئەو ڕەسووڵە بووبووبێ کە پاشتر دەوڵەتی ڕەسووڵی پێ ناونرابوو، کەچی مێژوونووسانی دی بۆ ئەوەی ڕەسووڵییەکان بە تەواوەتی لە کورد و ئەییووبییەکان دابڕێنن، دەڵێن خەلیفەی عەباسی ناسناوی ڕەسووڵی بە باپیرەگەورەی ڕەسووڵییەکان بەخشیوە، چونکە لە دەوڵەتی عەباسیدا پەیامبەر بوو، بێگومان ئەمەش هەڵەیەکی چەواشەکارانەی دیکەیە[٢٢].

لە لایەکی دیکەوە، ئەبووشامە (م:٦٦٥ک/١٢٦٦ز) دەڵێ: "شەمسوددەوله تۆرانشای ئەییووبی کە لە یەمەنەوە

---

[١٤] رحلة ابن جبير، ص١٢٧.

[١٥] نهاية الارب، ٢٠٨/٩.

[١٦] السمط الغالي الثمن في أخبار الملوك من الغز باليمن، تحقيق ركس سميث (كمبرج: ١٩٧٣).

[١٧] عمادالدين ادريس الحمزي، كنز الأخيار في معرفة السير والأخبار، ص٩١؛ الزبيدي، قرة العيون بأخبار اليمن الميمون،المطبعة السلفية، ص٤٠٥، ٤١١.

[١٨] لە هەندێک دەقدا بە یوحی هاتووە و ڕاستیەکەی نووحی- نووحە.

[١٩] الدول الاسلامية- الترجمة العربية، مكتب الدراسات الاسلامية (دمشق: ١٩٧٤)، ٢٠٢/١ .

[٢٠] بڕوانە: ابن نظيف الحموي، التاريخ المنصوري، ص٤١-٥٠؛ قرة العيون، ص٤٠٤-٤٠٧.

[٢١] وفيات الأعيان، ٣٠٧/١-٣٠٨.

[٢٢] الخررجي، العقود اللؤلؤية، ٣٧/١ .

گەڕایەوە بۆ شام، لە هەر شوێنێکی گرنگی وڵاتی یەمەن جێگرێکیان دانا و لە حەزرەمەوت کوردێکی 'هاروون' ناوی کردە جێگری خۆی، بارەگای لە شوێنێک بوو ناوی شبام بوو. ئەم کوردە ماوەیەک لە حەزرەمەوت مایەوە، پاشان خاوەندی حەزرەمەوت هێزی کۆکردەوە و کەوتە جموجووڵ، لە ئەنجامدا کوژرا و هاروونی کوردیش لە حەزرەمەوت خۆی بەهێزکرد و جێگیربوو".[٢٣]

من هیچ گومانێکم نییە کە ئەم هاروونەی وا حەزرەمەوتی گرت و کردیە بارەگای خۆی، هەمان ئەو هاروونەیە کە بە ڕەسووڵ ناسراوە و باپیری میرانی ڕەسووڵییە. لەمەش گرنگتر، مەقریزی (م:٨٤٥ک/١٤٤١ز) ڕەسووڵییەکان بە کورد دادەنێ و یەکەم میریان بە نوورەدین عومەر کوڕی عەلی کوڕی ڕەسووڵ کوردی "نورالدین عمر بن علی بن رسول الکوردي" ناودەبا.[٢٤] دەبێ مەقریزی، کە هاودەمی نوورەدین عومەری ڕەسووڵی نییە و دووسەد ساڵ پاش ئەو ژیاوە، ناوی تەواوی دامەزرێنەری دەوڵەتی ڕەسووڵیی لە سەرچاوەیەکی کۆنترەوە، یا لە ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی کاروباری حەج لە مەککە وەرگرتبێ.

ئەوەش دەزانین کە بنەماڵەی ڕەسووڵی کوردی وڵاتی هەولێرن و ابن الفوطي (م ٧٢٣ک/١٣٢٣ز) دووجار شاه یووسفی کوڕی عومەری ڕەسووڵی (الملک الموفر) (٦٤٧-٦٩٤ک/١٢٤٩-١٢٩٥ز) و جارێکیش عەلی ئەییووبی کوڕی یووسفی ڕەسووڵی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەولێر و بە 'الأربلي' ناویان دەبا.[٢٥]

سەرچاوەکان:

- ابن جبير (ت: ٦١٤ه/١٢١٧م).
- رحلة ابن جبير، دار بيروت للطباعة والنشر (بيروت: بلا).
- الحميدي، يوسف عبدالعزيز، الملک الأفضل الرسولي (٧٦٤-٧٧٨ه/١٣٦٣-١٣٧٦م)، جهوده السياسية والعلمية، أطروحة دكتوراه، جامعة أم القرى السعودية (مكة المكرمة: ٢٠٠٨).
- الحمزي، عمادالدين ادريس (ت: ٧١٤هـ/١٣١٤م).
- كنز الأخيار في معرفة السير والأخبار، مؤسسة الشراع العربي (الكويت: ١٩٩٢).
- الخزرجي، علي بن الحسن بن أبي بكر الزبيدي (ت:٨١٢ه/١٤٠٩م).
- العقود اللؤلؤية في تاريخ الدولة الرسولية، دار الآداب (بيروت:١٩٨٣).
- الرسولي، الملک الأشرف عمر بن يوسف (ت: ٦٩/ه١٢٩٧م).
- طرفة الأصحاب في عرفة الأنساب، تحقيق: ک. و. سترستين، دار صادر (بيروت).
- الزبيدي، ابو الضياء عبدالرحمن بن علي الديبع (ت ٩٤٣هـ/١٥٣٧م).
- قرة العيون بأخبار اليمن الميمون، المطبعة السلفية (بلا).
- ستانلي لين بول، الدول الاسلامية، الترجمة العربية (القاهرة: ١٩٧٢).
- ابن عمارة اليمني (ت:٥٦٩هـ/١١٧٣م)، النكت العصرية في أخبار الوزارة المصريي، مطبعة مرسو (شالوف: ١٩٨٧).
- الفيفي، محمد بن يحيى، الدولة الرسولية في اليمن، الدار العربيي للموسوعات (بيروت: ٢٠٠٥).
- ابن الفوطي، كمال الدين عبدالرزاق بن أحمد (ت ٧٢٣هـ/١٣٢٣م).
- مجمع الآداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم (طهران: ١٤١٦هـ).
- المقريزي، تقى الدين أحمد بن علي (ت:٨٤٥هـ/١٤٤١م).
- الذهب المسبوک في ذكر من حج من الخلفاء والملوک، مكتبة الثقافة الدينية- (القاهرة: ٢٠٠٠).
- ابن نظيف الحموي، محمد بن علي (ت فی حدود ٦٤٠هـ/١٢٤٢م).
- التأريخ المنصوري، تحقيق ابو العيد دودو، مطبعية الحجاز (دمشق: ١٩٨١).
- النويري، شهابالدين أحمد بن عبدالوهاب (ت ٧٣٣هـ/١٣٣٣م).
- نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٤).
- ابن واصل، جمالالدين محمد بن سالم (ت٦٩٧هـ/١٢٩٧م).
- مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، ج٢، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٢).

---

[٢٣] الروضتين في أخبار الدولتين، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٠٢)، ٢٧٣/٢.

[٢٤] الذهب المسبوک في ذكر من حج من الخلفاء و الملوک، مكتبة الثقافة الدينية- تحقيق د. جمال الدين الشيال (القاهرة: ٢٠٠٢).

[٢٥] مجمع الآداب، ٢٢٦/٥، ٣٠٨، ٥٤٢.